**ماددەی ( ٢٣ ):**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( ٢٤ ):**

**ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.**

## هۆیەکانی دەرچواندن

**لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و زانستی کاری پارێزەرایەتی ئەندامانی سەندیکا و پەیڕەوکردنی بەرچاوگرتنی بنەماکانی دیموکراسیەت و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو پێشکەوتن و پەرەسەندنانەی لەم بوارەدا هاتۆتە کایەوە، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی دەرچوون : ١٤**
**مێژووی دەرچوون : ٢٠١٨/٧/٩**

پشت بەحوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٣)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٧/٢ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری چوارەم یاسای سندوقی خانەنشینیی پارێزەران لە هەرێمی کوردستان ــ عێراق
## ژمارە ( ١٨ )ی ساڵی ١٩٩٩

**ماددەی ( ١ ):**

بڕگەیەك بە ریزبەندی (چوارەم) بۆ ماددەی (٢) لە یاساکە زیاددەکرێت بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

چوارەم: دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان بەرنامە و کاروبارەکانی ڕێکدەخات بەجۆرێك کە لەبەرژەوەندی ئەندامانی سەندیکا بێت.

**ماددەی ( ٢ ):**

ماددەی (٣) لە یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٣ ):**

**یەکەم:** دەستەی سندوق لە (٣) سێ ئەندامی ئەصڵی و (٣) سێ ئەندامی یەدەگ پێکدێت کە نوێنەرایەتی هەر یەك لە ئەندامی دادوەریی و وەزارەتی دارایی و سەندیکای پارێزەران دەکەن.

**دووەم:** دەستە لە لایەن نوێنەری ئەنجومەنی دادوەرییەوە سەرۆکایەتی دەکرێت کە نوینەرایەتی سندوق دەکات لە بەردەم دادگاکان و فەرمانگەکانی تر.

**سێیەم:** ئەنجومەنی دادوەری ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو دادوەرانی پلە یەکدا دەپاڵێورێت، وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو فەرمانبەرانیدا دەپاڵێورێت بە مەرجێك پلەی وەزیفیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت، سەندیکای پارێزەران ئەندامی ئەصڵی و یەدەگ لە نێو پارێزەرە راوێژکارەکانیدا دەپاڵێورێت.

**ماددەی ( ٣ ):**

بڕگەی (پێنچەم)ی ماددەی (٤) لە یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**پێنجەم:** دامەزراندنی فەرمانبەران و کارمەندان بەشێوەی گرێبەست بۆ راییکردنی کاروبارەکانی دەستە و کۆتایی پێهێنانی راژەکانیان بە جۆرێك مەرجەکانی دامەزراندن و دیاریکردنی مووچە و بنەماکانی بەرزکردنەوەی هاتووە لە یاسای راژەی مەدەنی رەچاوبکرێت.

**ماددەی (٤):**

برگەی (دووەم)ی ماددەی (٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:**

١- پارێزەر هاوبەشی (الاشتراك) بەشداربوون لە سندوقی سالآنە بەیەکجار لە ماوەی مانگەکانی کانونی دووەم و شوباتی هەر ساڵێك دەدات و، لە باری دواکەوتن لە وادەی دیاری کراو (٣٥٪)ی سی و پێنج لە سەدا ئابوونەی سالآنەی دەخرێتە سەر.

٢- ئەو پارێزەرانەی کە دەبنە ئەندامی سەندیکا بۆ یەکەم جار بڕی (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دیناریان لی وەردەگیرێت، پێدانی ئەو بڕە پارەیە بە بەشداری کردنی پارێزەر لە سندوقەکە ئەژمار دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

هەردوو برگەی (یەکەم) و (سێیەم) لە ماددەی (١٣)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** پارێزەر خانەنشین دەکرێت ئەگەر بە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فەرمی سەلمێندرا کە دووچاری نەخۆشییەك هاتووە تا ڕادەی پەککەوتە کردووە لە پارێزەرایەتی کردن و ماوەی پارێزەرایەتی کردنیشی بە (١٢) دوازدە ساڵ دادەندرێت ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بێت و بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو سالآنەی بۆ راژەکەی زێدەکراوە لە سەندیکا و لە سندوق لێی وەردەگیرێت بەو مەرجەی لەسەر بنەمای (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار بۆ هەر مانگێك خانەنشین بکرێت.

**سێیەم:** ماوەی پارێزەرایەتی کردنی پارێزەر بە (١٥) پازدە ساڵ دادەندرێت ئەگەر لەم ماوەیە کەمتر بێت و کۆچی دوایی بکات و، مووچەی خانەنشینی بۆ خێزان و منداڵەکانی (عیالە) لەسەر ئەو بنەمایە تەرخان دەکرێت و بەرامبەرەکانی بەشداربوونی لە سەندیکا و سندوق لێ وەرناگیرێت بەرامبەر بەو ماوەیەی ماوە یاساییەکەی پێی تەواوکراوە.

**ماددەی (٦):**

پێشەکی ماددەی (١٤)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

بەتەنها ئەو وادانەی دادێن بە وادەی پارێزەرایەتی کردن دادەندرێن بۆ مەبەستەکانی خانەنشینی ئەگەر پارێزەر لە بڕی ئەو وادانە بەرامبەرەکانی هاوبەشی بەشداربوونی لە سەندیکا و سندوق بدات.

**ماددەی (٧):**

برگەی (دووەم)ی ماددەی (١٥)ی یاساکە هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**دووەم:** ئەو پارێزەرانەی لە هەرێمی کوردستان پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون، مووچەی خانەنشینیان بۆ تەرخان دەکرێت لەسەر بنەمای (٤٠٠٠) چوار هەزار دینار بەرامبەر هەر مانگێکی ماوەی خانەنشینی و، بۆ ئەم مەبەستەش دوایین بەشی مانگ بە مانگێکی تەواو دادەندرێت.

**ماددەی ( ٨ ):**

ماددەی (١٦)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ١٦ ):**

**یەکەم:** دەکرێت نێوانی مافەکانی خانەنشینی پارێزەرایەتی و هەر مافێکی خانەنشینی دیکە کۆبکرێنەوە بەچاو پۆشین لە سەرچاوەکەی بەو مەرجەی کۆی گشتیان زیاتر نەبێت لەو مووچەیەی پارێزەر لە سندوق شایستەی دەبێت و لە هەر حاڵەتێکیش بێت لە (١٨٠٠٠٠٠) یەك ملیون و هەشت سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت.

**دووەم:** مووچەی خانەنشینی هاتوو بۆ پارێزەری خانەنشینکراو لە وەزیفەیەکی دیکە لەو مووچەیەی خانەنشینی کە شایستەی دەبێت کەم دەکرێتەوە بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**ماددەی ( ٩ ):**

بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٧)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم:** ئەگەر پارێزەر یان پارێزەری خانەنشینکراو کۆچی دوایی کرد ئەوا مافەکانی خانەنشینی لە ڕۆژی مردنییەوە بۆ خێزان و منداڵەکانی (عیالە) دەگوازرێتەوە و لەم حاڵەتەش حوکمەکانی خانەنشینبوونی خێزانی هاتوو لە یاسای خانەنشینی مەدەنی پیادە دەکرێت.

**ماددەی ( ١٠ ):**

ماددەی (٢١)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٢١ ):** بەدەر لە حوکمەکانی ماددەکانی پێشوو دەستە هەڵدەستێت بە بەخشینی:

**یەکەم-** مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (٧٥٠٠٠٠) حەفت سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان – عێراق شەهید بوون.

**دووەم-** مووچەیەکی خانەنشینی کەمتر نەبێت لە (٦٠٠٠٠٠) شەش سەد هەزار دینار بۆ خێزانی ئەو پارێزەرانەی لە دوای وازهێنانی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئیدارەی کوردستان لە ١٩٩١/١٠/٢٣ و تا دەرچوواندنی یاسای سندوقی خانەنشینی پارێزەران ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٩، کۆچی دواییان کردووە.

**ماددەی ( ١١ ):**

ماددەی (٢٢)ی یاساکە هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخۆێندرێتەوە:

**ماددەی ( ٢٢ ):**

یەکەم- ماوەی پارێزەرایەتی کردن لە دەرەوەی هەرێم پێش پێکهێنانی لیژنەی کاتی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٩٩٣/١/٣ بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە هەژمار دەکرێت ئەویش بۆ ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا پێش ڕێکەوتی ٢٠٠٣/٤/٩ تۆمار کراون.

دووەم- پێویستە لەسەر ئەو پارێزەرانەی لە سەندیکا کەوا پێش ٢٠٠٣/٤/٩ تۆمار کراون لەوانەی داوای خستنەسەری ماوەی پارێزەرایەتی کردنیان دەکەن لە لای سەندیکای پارێزەرانی هەرێمی کوردستان بۆ مەبەستی خانەنشینکردن، بەرامبەرەکانی بەشداربوونی ئەو ساڵانە لە سەندیکا و سندوق بدەن.